

**بیرەوەییەکان داناساکێن**
**شەپۆلی یادەوەرییەکان داناساکێن**

نیگایەک لە ڕۆمانی "کۆلارە"ی ڕۆماننووسی ئەفغانی، خالید حوسەینی

ئۆرهان پامۆک، لە ڕۆمانی "من ناوم سووره"دا، دەڵێت: ئەوی یادەوەریی نەبێت، نە خودای بیر دەکەوێتەوە و نە تاریکایی خودایی!
خالیدحوسەینیش، لەمەڕ یەکەمین ڕۆمانی خۆی "کۆلارە "کە زریانئاسا و بە خێراییەکی زۆرەوە، دنیای داگیر کرد، دەڵێ: (یادەوەرییەکانم پێ خامۆش ناکرێن. ئەوە هێزی یادەوەرییەکان و بینینەکانی ناوەوەی من بوون بۆ ئەفغانستان، ئەم ڕۆمانەیان پێ نووسیم).
ئەو دەڵێ:(من تەنها لە بیستنی هەواڵێکدا، هەواڵێک کە پێی گوتم: تالیبانەکان، هەڵفڕاندنی کۆلارەیان لە ئافغانستاندا یاساغ کردووە!)، ئیدی یادەوەرییەکانی کۆلارەهەڵدان، بوونە ئاژووانی هەموو یادەوەرییەکانم.
لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا، لە نهێنییەکانی هێزی بەدەمباوەدانی کۆلارە دەگەین و لەوەش دەگەین کە ئەم نەریتە میللیە لای خەڵکی ئەفغانستان، تاڵێکە لە کەلتوورێک کە نەوەکان پێکەوە گرێ دەدات و هەوێنێکە بۆ بەزیندووهێشتنەوەی داب و نەریتێک کە ناکرێت تەنها وەکو لەمزەتبرن و کاتبەڕێکردن چاوی لێ بکرێت، بگرە هێزێکی ڕۆحیی پەرجوو ئاسای هەیە.
ئاوا دەبینین کە تەنها برووسکەهەواڵێک، لە ساتێک لە ساتەکاندا، دەبێتە هێزێک و چەخماخەئاسا، تاریکایی یادەوەرییەکان ڕۆشن دەکاتەوە، بەهرە و توانستەکانی نووسەری داهێنەر دەتەقێنێتەوە و شاکارێک دەخولقێنێت کە هەزاران هەزار خوێنەر مەست و بەنگ دەکات. پێمان سەیر نەبێت کە ڕۆمانی "کۆلارە "بە 48زمان چاپ و بڵاوکراوەتەوە و 8ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە.
ئەنیکا پێرسۆن، لە بەشی کەلتووری ڕۆژنامەی "داگسنیهێتەر"ی ڕۆژی 1ی دێسامبەری 2007دا، دەڵێت:(بەشێکی یەکەم ڕۆمانی حوسەینی، "کۆلارە"، وەکوو گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی خودی نووسەر، دەخوێندرێتەوە).
من دەتوانم خوێندنەوەیەکی دیکەی لەسەر دانێم و بێژم: لە ڕەهەندەکانی ناوەوەی گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی نووسەردا و لە پەیڤینی وێنە بگۆکاندا، مێژووی ئەفغانستان، سرووشت و ئاوهەوا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ململانێی نێوان گرووپە ئێتنییەکان و جیاوازیی ڕەگەزی، هەڵاوێردنی چینایەتی و زوڵمی ستەمی کۆمەڵایەتی دەخوێنینەوە و بە جوانییەکانی کەلتوور و ترادیسیۆنی گەل و وڵاتێک ئاشنامان دەکات کە ئێمەی دەرەوەی بازنەکانی ئەو کۆمەڵگە و ژینگەیە، تەنها وێنەیەکمان لێ هەڵگرتووەتەوە، ئەویش وێنەی دواکەوتوویی کۆمەڵگەیەکە کە لە مێژووی خۆیدا، جگە لە جەنگ و تیرۆر شتێکی دیکەی بەرهەم نەهێناوە. ئەم ڕۆمانە، هەموو بۆچوونە سەقەت و وێنە شێواوەکانی هزری ئێمە، لەمەڕ گەلی ئەفغان دەشواتەوە و یەکێک لە گەلە ڕەسەنەکانی ڕۆژهەڵاتمان "کە ڕۆژگارێک لە داهێنانی فیکر و ڕۆشنبیریی ئیسلامدا پشکی هەبووە"، وەکو خۆی پێ دەناسێنێت.
بە قسەی "ئەنیکاپێرسۆن"، خالیدحوسەینی، لەمەڕ یەکەم ڕۆمانی خۆی، گوتوویەتی:
(ئەم ڕۆمانەم، دید و بینینی سەرجەمی خوێنەرانی منی لەمەڕ ئەفغانستان گۆڕی. پێش نووسین و بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە، خوێنەرەکانم تەنها وێنەیەکیان لەسەر وڵاتی من هەبوو، وێنەی بەنلادن و تالیبانەکان. ئەوان، بێئاگا بوون لەوەی کە لە ئەفغانستاندا، درەخت و ڕووباریش هەن، یاخود ئێمە کتێبیان دەخوێنینەوە، دەچینە سینەما و فیلم دەبینین! ئەوان پێیان وا بوو، وڵاتی من، تەنها لانەی تیرۆریستانە و ئاو بێنە و دەستتان بشۆ!)

من، پێم وایە، ئێمە، بۆ ئەوەی لە نهێنەکانی بەهای مەعریفی و ئەدەبیی شاکارێکی جیهانی بگەین، ناسینی نووسەر و خوردبوونەوە لە بیۆگرافیای نووسەر و وێستگە جیاوازەکانی ئەم بیۆگرافییایە، کارێکی زێدەپێویستە. تێڕامان لە ژیانی کەسەکیی نووسەر و هەوڵدان بۆ ئاشنابوون بە ژیانی ئەو، دەبنە چەپکەکلیلێک بۆ کردنەوەی کۆدە جیاوەزەکانی بەشە داخراوەکانی تێکستی ئەفرێندراو کە بە سەرپێیی خۆ بەدەستەوە نادەن. ناسینی نووسەر، تەنها بەو مانایە نایەت کە نووسەری تایەن، لە کوێ لە دایبک بووە، چۆن و لە کوێ ژیاوە و ئەگەر مردووە، کەی و لە کام دەڤەری دنیادا مردووە، بەڵکە ئەم کردەیە وەزیفەیەکی دیکەی هەیە و بەرچاوڕوونییەکمان پێ دەبەخشێت. ئەم بەرچاوڕوونییەش، وینەگەلێکی دیکە لە هزری ئێمەدا، دەرهەق بە خوێندنەوەی تێکست، بەرهەم دەهێنێ. ئەم وێنانە، گا لە دەوری وێنەکانی دەقی نووسراو دەخولێنەوە، ئامێتەیان دەبن و لە خەیاڵدانی ئێمەدا، کۆمەڵەوێنەیەکی دیکە دەخولقێنن و شاکاری داهێنراو، بە لوتکەی داهینان دەگەیەنن. هەندەکجارانیش، ئەم کردەیە، بە پێی توانست و ئاستی فراوانیی فەنتازیای ئێمە، وێنەی دنیایەکی دیکەمان لە هزردا بۆ دەخولقێنێ کە رەگ و ڕیشەی بۆ قوڵاییە نەبینراوەکانی دید و دنیابینیی نووسەر شۆڕ دەبنەوە و شێوە و نێوەڕۆک و ڕەگەزەکانی ئەم دنیا نوێییەش، لە دنیای خەونەکانی نووسەر، جیاواز ترن.

بیۆگرافیای نووسەر:

ساڵی 1965، لە خانەوادەیەکی خانەدان و دەستڕۆیشتوو، لەشاری کابوول لە داییک بووە. ماڵی گەورەبوون و بە دەوروبەرئاشنابوونی خالید، دەشێت هەمان ئەو کۆشکە ڕەنگین و گەورەیە بووبێت کە خۆی لە ڕۆمانەکەدا، داڵان و ڕێڕەو، ژوور و چێشتخانە، تارمە و سەربان، حەوشە و باچچە و دار و درەختەکانیمان پی دەناسێنێت و لە ژووره تایبەتەکەی خۆیدا، چەندین ڕۆژ و شەو، ڕامان دەگرێت و لەگەڵ خەم و نیگەرانییەکانی منداڵیی خۆیدا، خەمبارمان دەکات و بە خۆشییەکانیشی، خەنیمان دەکات. باوکی خالید، لە شەستەکانی سەدەی پێشوودا، دیپلۆماتێکی دەرکەوتووی حکومەتی پاشاێتیی ئەفغانستان بووە.

دایکی نووسەر، ژنێکی خاوەنبڕوانامەی زانستی و مامۆستای زمانی فارسی و مێژوو، لە یەکێک لە خوێندنگا گەورەکانی "کابوول"دا بووە.

لە سۆنگەی کارەکەی باوکییەوە، ساڵی 1976، خێزانەکەیان دەچێتە پاریس و تا ساڵی 1980، لەوێی دەگوزەرێنن.

ساڵی 1979، کودەتای کۆمۆنیستەکان، ڕووخاندنی پاشاێتی و داگیرکاریی شورەوی بۆ ئەفغانستان، ڕوو دەدەن و ئیدی گەڕانەوە بۆ وڵات، دەبێتە خەونێک و بەواقیعکردنی مەحاڵ دەبێت.

خانەوادەی حوسەینی، ساڵی 1980، داوای مافی پەنابەریی سیاسی لە ئەمەریکا دەکەن و هەمانساڵ، لە ویلایەتی کالیفۆرنیا نیشتەجێ دەبن.

خالید، لە ئەمەریکا، خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات و پاشان لە زانکۆی Santa-klara ، لە ساڵی 1988دا، بڕوانامەی بەکالۆریۆس، لە زانستی بیۆلۆگیدا وەردەگرێت.

ساڵی 1993، لە زانکۆی Kalifornia-Sandigo ، بڕوانامە لە زانستی پزیشکیدا وەردەگرێت.

خالید حوسەینی، ساڵی 2001، دەست بە نووسینی ڕۆمانی کۆلارە دەکات و ساڵی 2003، چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

هەزار خۆری تیشکبار، دووهەمین ڕۆمانی خالیدی حوسەینییە و ساڵی 2007، بڵاوکراوەتەوە.

خوێندنەوەی ڕۆمانی کۆلارە

(ئەو زەنگەی "ڕەحیم خان "لە پاکستانەوە، لێی دا و داوای لێ کردم سەردانیکی بکەم، ئەوە ڕەحیم خان نەبوو بە تەنها، ئەوە سەرپاکی ڕابردووەکان و ڕۆیشتووەکانی ژیانی من بوون، گە بانگیان دەکردم.. ئەوە هەموو ئەو گوناهانە بوون کە جارێ پاش 26ساڵان، نەمتوانیبوو کارێک بۆ بژاردنەوەیان بکەم.. پاشتر کە چوومە باخچەکە و لەسەر کورسییەک دانیشتم، دوو کۆلارەی سوور، بە کلکە شینە درێژە لێکئاڵاوەکانییانەوە، لە ئاسماندا، نیگایان بەند کردم و ئیدی "حەسەن "چرپاندی بە گوێمدا و وتی: بۆ تۆ،

هەزاران جاری دیکەش، ئەم کارە چەندبارە دەکەمەوە.. ئەو حەسەنەی لە کۆلارەهەڵفڕیندا لێزان و لێوانیشی لە پەرەی گوڵ دەچوون...).
ئەمیر و حەسەن، دوو پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی پێشوودا، لەدایک دەبن و پیکڕا و بە دوو پێگەی جیاواز، بێ دایک و لە سایەی "بابا"دا کە دەبێتە باوکی ئەمیر، گەورە دەبن و قەدەری ڕووداوەکانی ژیان، دوو چارەنووسی جودایان پی دەبەخشێت.
دوو منداڵ لە کۆشکێکی گەورەدا، لە یەکێک لە دەڤەرە جوانەکانی کابولدا، ژیان دەکەن و ئەمیر کە ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی لە ئەستۆی خۆی ناوە (کە خودی نووسەرە)، تاقانە کوڕی "بابا"یە و حەسەنیش، کوڕی "عەلی"ی خزمەتکارە و پاش هەفتەیەک لە بەدنیاهاتنی، دایکی بە جێی دەهێڵێت و ڕەدووی کەسێکی دیکە دەکەوێت.
ئەمیر، وێڕای ئەوەی باسی دایکی خۆی وەکو ژنێکی خوێندەوار و مامۆستا و بە رەچەڵەکیش خزمایەتییەکی لەگەڵ بنەماڵەی پاشاکاندا هەبووە، دەکات، دیسانیش یادەوەرییەک لە دایکی ناگێڕێتەوە و شتێکی ئەوتۆی لە ئەو، لە بیر نییە.
ئەوەی ڕۆماننووس، ڕێچکەی ڕووداوەکانی وەها چنیوە و لە دەستپێکدا، ماڵێکمان بێ ئامادەیی "ژن " نیشان دەدات و دەیکاتە مەکۆی دەستپێک و گەورەبوونی ڕووداوەکان، خولقاندنی "بابا"ش هەم وەکو باوک و هەم وەکو سەرداری بەدەسەڵاتی ئەم خێزانە ناهاوسەنگە، شتێکی لەخۆڕا و ڕێکەوت نییە.
نووسەر دەیەوێت، لەم "یەکە "گچکەیەی کۆمەڵگەوە کە خێزانە، وێنای کۆی "یەکە"کانمان نیشان بدات کە دەکاتە سترەکتۆری "خێزانە گەورەکە "کە لەوێدا، میکانیزمی کارکردنی هەموو کۆمەڵگە کە لەسەر شێواز و پێکهاتەی سیستەمی باوکسالاری ئیش دەکات و ژن نائامادەیە و ڕۆڵێکی نییە.
عەلی، خزمەتکاری ماڵی "بابا"یە و حەسەنیش هەرچەندە هاوتەمەن و هاوڕێی منداڵیی ئەمیرە، دیسانیش هەر خزمەتکاریەتی و ئەم یاسایەش، لە پەیوەندیی ژیانی ڕۆژانەی ئەم دووانەدا، ڕەنگ دەداتەوە. حەسەن، ئەگەرچی هۆگری ئەمیرە و دڵسۆزییەتی، لە حەساری بابادا دەژین و باباش لە هەندێ دۆخ و حەڵەتدا، وەکو کوڕی خۆی لێی دەنواڕێت و مامەڵەی لەتەکدا دەکات، بەڵام حەسەن، لە هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا لەگەڵ ئەمیر، هەرگیز ئاغایی ئەو و نۆکەریی خۆی لە بیر ناکات.
گرێیەک لە ڕۆمانەکەدا و لە پەیوەندیی نێوان "بابا "و "حەسەن"دا هەیە کە نووسەر تا بەشی کۆتایی ڕۆمانەکە نایکاتەوە و پاشتر ڕەحیم خان، لە دواڕۆژەکانی ژیانی خۆیدا و لە پاکستان، ئەم نهێنییە بۆ ئەمیر کەشف دەکات. کردنەوەی ئەم گرێیە، سەرپاکی نۆڕینەکانی ئەمیر بۆ پەیوەندییە ڕابردووەکانی خۆی لەگەڵ حەسەندا دەگۆڕێت و گەورەترین گوناە، لە ناخی ئەمیردا سەر هەڵدەدات و ئازاری دەدات. حەسەن، کوڕی "ناشەرعیی "بابا"یە و باوکبرای ئەمیرە..
ئەمیر، پاشی 26ساڵ و لە ڕێگای ڕەحیم خانەوە، ئەم نهێنەی بۆ کەشف دەبێت، بەڵام ئیدی زۆر درەنگە.. حەسەن، بە جەستەی هەلاهەلابووی خۆیەوە، کە بە دەستی تالیبانەکان کوژراوە، لەمێژە لە گۆڕدا ڕاکشاوە!
گوناهێک کە ڕۆح و ناخی ئەمیر دەکرۆژێت، ئەو زووڵمەیە کە لە ئەنجامی "غیرە"یدا لە مامەڵەکردنی باوکی لەگەڵ "حەسەن"دا، ئەم لە حەسەنی کردووە.
ئەمیر،کاتژمێرێکی نوێ کە وەکو دیاریی جەژنی لەدایکبوونی خۆی وەریگرتووە، لەگەڵ چەردەیەک پارە، لەژێر دۆشەکی حەسەن دەئاخنێت و تۆمەتی دزیی وە پاڵ دەنێت. حەسەن کە ئەو کارەی نەکردووە، ددانی پێدا دەنێ و دزییەکە دەسەلمێنێ. وێڕای ڕێگریی بابا، عەلی بریار دەدات، ماڵی ئاغا جێ بهێڵێت و بۆ شوێنێکی دوورەدەست کۆچ بکەن.
ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە، لە نێوان باوک و کوڕاندا هاتوچۆدەکەن و پاشان بۆ نێو قوڵایی مێژوو شۆڕدەبنەوە.
ڕۆماننووس، ساتێ کۆتایی بە ژیانی پاڵەوانیک دێنێت، کاراکتەر و ڕۆحی ئەو پاڵەوانە، لە چنینی ڕووداوەکاندا درێژەیان هەیە و لە بونیادی پاڵەوانێکی دیکەدا، بەردەوامن. ساتێ حەسەن و ژنەکەی، بە دەستی تالیبانەکان دەکوژرێن، "سوهراب"ی تاکە کوڕیان هەتیو دەکەوێت و لە خانەی بێدایک و باوکاندا، دەگیرسێتەوە. ئیدی هەوڵی ئەمیر، بۆ ئاسوودەکردنی ڕۆحی خۆی و ڕزگارکردنی سوهراب

که یەکێک لە سەرکردەکانی تالیبان، زەوتی کردووە و لە کۆشکی خۆیدا، بۆ گەرمکردنی بەزمی شەوانەی خۆی بەکاری دێنێت، لە گەڕدایە. ئەمیر، بۆ ئەم مەبەستە، سەرچڵییەکی کەموێنە دەکات.
کۆلارە، لەگەڵ ئەمیر و حەسەندا، دەستمان دەگرێت و جوانترین جوانییەکانی ژیانی منداڵیمان نیشان دەدات، ئەو جوانییانەی کە بە تامی تاڵ و شیرینیانەوە، بەشێکن لە منداڵیی ئێمە و لە نێویاندا، منداڵ دەبینەوە.
پایسکیلسواریی نێو کۆڵان و شەقامەکان، قوتابخانە و زەبری مامۆستا و بە تۆپزی "ئایەت"ئەزبەرکردن، وەسەردرەخت کەوتن و تیشکی ئاوێنەگرتنەماڵان، لاسارییەکانی شەڕەگەڕەک و شەڕەتۆپەڵ و هەموو سەرچڵییەکانی منداڵی، بەرەو کەشفکردنی دنیایەکمان دەبەن، کە جارێ زۆر پێچ و کونجی بۆ ئێمە پەنهانە. کۆلارە، وەرزی کۆلارەهەڵدانمان بۆ وێنە دەگرێت.. ڕۆژێک لە وەرزێکدا، ئاسمانی کابول، بە کۆلارەی کاخەزینی ڕەنگاوڕەنگ دادەپۆشرێت و هەموو خەڵکی کابول، بە شەوق و ئارەزوویەکی بێوێنەوە، لە کێبڕکێی کۆلاران دەڕوانن و کۆلارەی کەسێک، کە هەموو کۆلارەکان دەبەزێنی و بۆ خۆی دەبێتە پاشای ئاسمانی شار، بەخۆنازینێکی گەورە لای خاوەنەکەی درووست دەکات. ئەوساڵە، کۆلارەی ئەمیر، لە سۆنگەی لێزانی و کارامەیی حەسەنەوە، گرەوی کێبەرکێی کۆلاران دەباتەوە و نەک هەر خەڵکی گەڕەک، باوکیشی شانازیی پێوە دەکات.
کۆلارە، بە ئەتەکێتی ژیانی چینی خانەدان و شێوازی هەڵسوکەوتی ئەوانمان، ئاشنا دەکات و مەرگەساتی نەداران و چینی خوارەشمان پێ دەناسێنێ.
کۆلارە، لە زمانی ئەمیرەوە، مەینەتی و کوێرەوەریی "هەزار"ەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن لە مێژوودا، وەکو هاوڵاتی پلەدوو، بینراون و سووکایەتییان پێ کراوە. ئاخر، عەلی و حەسەنیش کە بە ڕواڵەت کوڕی ئەوە، هەزارن و سیستەمی کۆمەڵایەتی، تەنها نۆکەری و خزمەتکاریی پێ ڕەوا بینیون! بەشێکی یادەوەرییەکانی نووسەر، وێنەگرتنەوەی کارەساتەکانی داگیرکاری و شەڕی نێوخۆیە.. ئەم وێنانە، بە خوێنەری کورد ئاشنان و لە پرۆسەی خوێندنەوەیاندا، مەرگەساتەکانی خۆمانیان تێدا دەبینینەوە.. ترس و تۆقاندن، تۆپبارانی نیوەشەوان و کوژرانی ئازیزان، تیرۆر و ڕەشەکوژی و پاشان کۆچ و ڕەوکردن. ئەم وێنانە، هاوتای وێنەکانی ترس و دڵەڕاوکێی بەزاندنی بازگەکانی پشکنین و چاوانی خوێنتێزاوی سەربازەکان، بە قاچاخی بەزاندنی سنوور، لە تەنکەری نەوتهەڵگردا و هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە دەشێ کەسانێک بیانچێژن کە بە زەبر، ماڵ و لانەیان پێ بە جێ دەهێڵرێن، ڕێک دەڵێی وێنەگرتنەوەی ڕووداوەکانی 40ساڵان ژیانی میللەتی ئێمەیە.

ژیان لە ئەمەریکا!
نووسەر، لە گێڕانەوەکانی ئەمیردا (کە هەندەکجاران خودی نووسەرە و هەندەکجارانیش، کەسێکی خولقێنراوی هاویادەوەرییەتی)، ڕووداوەکانی شەوێکی ساردی زستانمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەمیر و باوکی، هاوسەفەری کۆمەڵێک ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە، لە تەنکەرێکی نەوتهەڵگری سەرداخراودا، بە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفغانستاندا، بەرەو پاکستان، سنوور دەبەزێنن. کامیرای "ئەمیر"، وردینەی حاڵەتە دەروونی و جەستەییەکانی ئەو کۆمەڵە پەنابەرە دەگرێت، کە بە هیوای ژیانێکی ئاسوودە و خاڵیی لە کوشتوبڕ، لەگەڵ مەرگدا ململانێ دەکەن.
یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی ڕۆمانی باش و سەرکەوتوو، نەبوونی درێژدادڕیی ناپێویست و نیشاننەدانی وێنە سادە و سواوەکانە. ئەمیر، باسێک لە ژیانی خۆیان و هاوسەفەرەکانیان، لەکەمپەکانی پەنابەراندا، لە پاکستان ناکات و یەکسەر دەمانگوێزێتەوە بۆ ویلایەتی کالیفۆڕنیا. نووسەر، دڵنایە کە وێنەکانی ژیانی کەمپەکان، نەک هەر بۆ خوێنەری ئەفغانی، بگرە بۆ خوێنەرانێکی زۆر، لە ڕۆژهەڵاتدا، ناسراون.  ئەو، ڕێز لە خوێنەری خۆی دەگرێت!
لە ڕۆمانی کۆلارەدا، ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سرووشت و مرۆڤی هاوڕەگەزی خۆی، گەشبینی و بڕوابەخۆبوون، بەهێزیی ئینسان و هەوڵدانی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەموو ژینگە و ڕووداوێکدا، لە خەسڵەتە دیارەکانی پاڵەوانەکانن.
ئەمیر و بابا، لە ماڵێکی دووژووریی یەکێک لە ئاپارتمانکاندا، لە شارێکی کالیفۆڕنیادا دەژین. ئێستا ئیدی، نێوانی ئەوان و کابول و تەلارە ڕەنگینەکەی "بابا"، هەزاران هەزار کیلۆمەترە. ئەوان،

ئەگەرچی لە ڕووی ڕۆحییەوە، ئەو مەودا جوگرافییە ناناسن و تاڵەکانی یادەوەرییەکانیان بە ڕابردووەوە بەستراون، ئەگەرچی تەمەنی "بابا "لە هەوراز سەرکەوتووە، دیسانیش، بابا لە بەنزینخانەیەک کار دەکات، بابا، ماشینێک دەکڕێت و ئەو کاتانەی دەستبەتاڵە، لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە، شتومەکی بەکارهێنراو دەکڕێت و ڕۆژانی یەکشەمان، لەگەڵ ئەمیردا دەچنە هەفتەبازاڕ، شمەکەکان دەفرۆشن و هاوڵاتیانی خۆیان دەبیننەوە. ئەو، پیاوێکی ئابڕوومەندە و قەبوڵ ناکات، بۆ خۆژیاندن، فرتوفێڵ لە دەسگاکانی بەخێوکردنی بێکاران و پەنابەران بکات. بابا و ئەمیر، دوو نموونەی پۆزەتیڤ و جوانی پەنابەرانن.
هفتەبازاڕی یەکشەمان، دەرفەتی ئاشقبوونی ئەمیر، بە "سورەیا "دەڕەخسێنێت.
سورەیا، کچی ژەنراڵ "ئیقباڵ تاهیری"یە کە لە ڕۆژگاری پێشوودا، یەکێک لە ژەنراڵە دیارەکانی ئەفغانستان بووە.
ئەمیر، ئاشقی خوێندن و زانستوەرگرتن و ڕۆحی برینداری "سورەیا"یە.
ئەمیر، پاڵەوانێکە لێوانلێو لە ئەشق و لێبوردەیی. ئاشقبوونی ئەمیر بە سورەیا، پرۆسەی بەردەوامیی ژیانی بیلۆگیی ئەفغانەکانمان لە تاراوگە نیشان دەدات. وردینەی کردەی خوازبێنی و ڕێوڕەسمی ئاهەنگی مارەبڕین و گواستنەوە، زیندووکردنەوەی نەریتە میللەیەکانی گەلی ئەفغانیان، لە تاراوگەدا، لەخۆ گرتووە.
ساتێ سورەیا، بە تەلەفوون، نهێنییەکی ژیانی خۆی بۆ ئەمیر ئاشکرادەکات، نهێنیی لە خێزان هەڵهاتن و پێکەوەژیانی لەگەڵ گەنجێکی ئەفغانیدا، بێ ڕەزامەندیی ماڵی باوکی، بۆ ماوەی ساڵێک و پاشان دۆزینەوەی ئەو، لەلایەن باوکییەوە و بە تۆپزی گەڕاندنەوەی بۆ ماڵ، ئابڕووچوونیان لە نێو خەڵکی ئەفغاندا، ئەمیر، ڕێز لەو خواست و کردەیەی سورەیا دەگرێت و ئەم یاخیبوونەی سورەیا، گەردێک لە چیای ئەشقی ئەو ناڕووشێنێت. مەرگی باوک، لە ئاوارەیی و لە ئەنجامی نەخۆشیی شێرپەنجەدا، خەم و ناسۆرێکی گەورەیە بۆ ئەمیر، دیسانیش ناپڕووخێنێت و بەچۆکیدا ناهێنێت.

تەلەفوونەکەی ڕەحیم خان، دەنگێک بەرەوە سەرچڵییەکانی سەفەر!
ڕەحیم خان، لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا، ئامادەییەکی بەرچاوی لە یادەوەرییەکانی منداڵیی ئەمیردا هەیە. ئەو هاوڕێ و هاوتەمەنی "بابا"یە و زۆربەی کات دێتە ماڵی ئەوان و لەگەڵ "بابا"دا، دەخۆنەوە و سیگار دەکێشن و قسە لە ڕووداوەکانی "ئێستا "و ڕابردوو دەکەن. ئەو شتانەی ئەمیر لە باوکیکی لیبراڵی کۆنسەرڤاتیڤدا، نایانبینێتەوە، ڕەحیم خان بۆ "ئەمیر"یان قەرەبوو دەکاتەوە. ڕەحیم خان، ڕۆڵێکی دیار لە ژیانی منداڵیی ئەمیردا، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە خوێندنەوە و پرۆسەی سەرەتایی نووسینەوە هەیە، دەبینێت.
زەنگلێدانی ڕەحیم خان، لە پاکستانەوە و لە ساڵی 2001دا بۆ ئەمیر، زەنگی ڕاچەنین و هەژاندنی یادەوەرییەکانی ناخی ئەمیرە و دەنگێکە بۆ ڕێچکەی بەردەوامبوونی گێڕانەوەی ڕووداوەکان.
ئەمیر، لە ئەمەریکاوە بۆ پاکستان دەفڕێت و ئادرێسی ڕەحیم خان، دەدۆزێتەوە.
ڕەحیم خان، پەککەوتە و نەخۆش، لە ماڵێکی پەرپووت و تەنگەلاندا، دواڕۆژەکانی ژیانی خۆی بەسەر دەبات. ڕەحیم خان، بە دەم کۆکینێکی کوشندەوە، گرێی نهێنییەکانی خۆشەویستیی باوکی ئەمیر، بۆ حەسەن، دەکاتەوە. ئەمیر تووشی جۆرێک لە "شۆک"دەبێت و لە ڕۆحی باوکی دەڕەنجێت کە بە درێژایی تەمەنێک، ئەم نهێنەی لە ئەو شاردووەتەوە. ڕەحیم خان، پاساوی نەدرکاندنی ئەم "شوورەیی"یە، بۆ "بابا "دەهێنێتەوە. ئەو، چارەنووسی کوژرانی حەسەن و ژنەکەی بە دەستی تالیبانەکان، بۆ ئەمیر ئاشکرا دەکات، وێنەیەکی حەسەن و سوهرابی کوڕەتاقانە هەتیوکەوتووەکەی، دەداتە ئەمیر.
سوهراب، ڕێک لە منداڵیی باوکی خۆی دەچێت، هەر نەبێت ئەمیر وەها دەبینێت و ئەمەش جۆرێک لە تێڕوانینی فەلسەبیانەی لەمەڕ "دۆناودۆن "و بەردەوامبوونی ڕۆحەکان تیدایە.
ئەمیر، هاوڕێی شۆفێرێک، سنوورەکانی مەرگ، بە سەرچڵییەکی کەموێنەوە، لە پاکستانەوە و بە قاچاخ، بۆ سۆراخکردن و ڕزگارکردنی سۆهراب، بۆ ئەفغانستان، دەبەزێنێ.

ئەمە سەفەری نێو کێڵگەکانی مەرگ و وێرانییەکانە، بەرەو گەیشت بە جوانییەکانی خەونەکان، لە ئەفغانستانی ژێر حوکمی شمشێری تالیباندا!
ئەمیر، بەدەم سۆراخکردنی "سوهراب"ەوە، لە نێو کەلاوە و شەقامە داوشاوەکانی ژێر شەرواڵە خوێناوییەکانی پیاوانی جەنگەوە، بێهودە، لە دوی وێنە ونبووەکانی یادەوەریی منداڵیی خۆی دەگەڕێت.
ئاسەف، ئەو منداڵە چەتوونەی هاوڕێێ منداڵیی ئەمیر، کە ئەمیر هەمێشە ڕکی لێی دەبوویەوە، ئەو "ئاسەف"ەی کە لەگەڵ چڵێتەکانی هاوڕێێ، هەمیشە شەڕیان بە حەسەن دەگێڕا و سووکایێتییان پێ دەکرد، ئێستا سەرکردەی باڵادەستی تالیبانەکانە و "سوهراب"ی کوڕی حەسەن، دیل و کەرەستەی دامرکاندنەوەی حەزە شەیتانییەکانییەتی!
ئەمیر، لە کۆشکی "ئاسەف"دا، کێشەکانی منداڵی و ئێستای خۆی، بە هاوکاریی سوهراب و لە نێو گۆمی خوێنی هەردووکیاندا، یەکلا دەکاتەوە و بە یارمەتیی شۆفێرەکە و سوهراب، بە نیوەزیندوویی، دەگاتەوە پاکستان.
دواجار، پاش ململانێیەکی جەسوورانە لەگەڵ مەرگ، ئەمیر تین و تاوی تێ دەگەڕێتەوە و سوهراب دەگەیەنێتە ئەمریکا، وەکو منداڵێکی هەڵگیراوەی خۆی و سورەیا، لە رووی یاساییەوە، مۆڵەتی مانەوەی لە ئەمەریکادا بۆ دابین دەکات.
ئەمیر و سوهراب، لە هەتاوەڕۆژێکدا و لە شارەکەی خۆیان، لە کالیفۆڕنیا، کۆلارەیەک بەرز هەڵدەفڕێنن.
(من غارم دا. من غارم دا و "با "لە ڕووخساری دەدام و خەندەیەک مینا پانتایی دۆڵی "پانشیر"، لەسەر لێوانم بوو... من غارم دا). ئەمە دواوێنەی شیعریی ڕۆمانی کۆلارەی خالید حوسەینییە. ئەو ڕۆمانەی دەتوانێت زۆر شتمان لەمەڕ ئەفغانستان و کارەساتەکانی جەنگ و داگیرکاری، پێ بڵێت. هەروەک چۆن "ئیزابێل ئالێندی"، لە ڕۆمانی "پاولا"دا، وردینەی ژیانی خۆی و سەراپای مێژووی کۆمەڵایێتی و سیاسیی ئەمەریکای لاتینمان، بەدیار جەستەی نیوەگیان و بێهەستی "پاولا"وە، بۆ دەگەڕێتەوە، خالیدحوسەینییش، لە "کۆلارە"دا، کارێکی وەهای کردووە.

سەرچاوکان:
* Flyga drake – Khaled Hosseini
وەرگێرانی بۆ سوێدی:JOHAN NILSSON
چاپ و بڵاوکردنەوەی W&W :
*ئەنیکاپێرسۆن، گفتوگۆ بە تەلفوون لەگەڵ خالید حوسەینی، رۆژنامەی داگسنیهێتەر، بەشی کولتوور، 1ی دێسامبەری 2007